# کاریکاتێرە شعر

## بەروخسەتی ئەسعەد ئەربیلی

## بەیادی دۆغرمەچییەوە

یارسانی ئاتەشی
yarsaneatashe@hotmail.com

ناوی ئیحسان باوکی عەلی ، ناسراوە بە دۆغرەمەچی
هەولێر کورد داگیری کردوە ، وای گوت کابری پەرلەمانچی
دڵی پرە لەدەردو خەم ، چی بکا لە پاندان و قەڵەم
بڵێ بە ئەرتەشی برا ، رزگارمانکا دۆغرمەچی

*　　　　*　　　　*

وەرە سەیرکە ئەمە کەی حاڵە ، موچە دەدرێ بێ دەرماڵە
لە پەرلەمان چوار ملیۆن و روبعێ دەگرم
ئەوەی مەکتەب نیو ملیۆنە ، گەر وابێت لەبرسا ئەمرین
توبی خوا پێیان بڵێ: رزگارمانکەن دۆغرمەچی

*　　　　*　　　　*

ئاومان سازگارە بەلاّم ناخورێ ، کرمانج ژەهری تێکردوە
بروات بێت وای لێهاتوە ، تورکمان باری کردوە
ژیان تەواو زەحمەت بوە لەگەڵ خەڵکی هەرچی و پەرچی
هەرچۆنێك خۆت باش دەیزانی ، رزگارمانکە دۆغرمەچی

*　　　　*　　　　*

من ئەندامی پەرلەمانم ، نوێنەری تورکمانم

ئێرە تورکمان ئیلییە ، دژی ناوی کوردستانم

من هەر قوربانی تۆ دەبم ، کوێریش بێ دوو چاوانم

رزگارمانکە دۆغرمەچی ، قوەت و راحەتی گیانم

* * *

قەلآی هەولێر هێشتا ماوە، دەرد وبەلا دەورەی داوە

کەرکووکەکەت وێران بووە، ئاڵتۆن کۆپری و دوز و کفری

کورد ئەیەوێ بیبا بۆخۆی، خەندە لەرومان بڕاوە

هەر ئەتۆی پاشام و ئاغام ،رزگارمانکە دۆغرمەچی

* * *

من قسەی خۆم کردوە قوربان ،

قسەی نەکرد، لاری نەبووە پەرلەمان

ژیان ناگوزەرێ لەگەڵ منداڵ و تواڵان

سەحافەچیان واز ناهێنن

رزگارمکە دۆغرمەچی